


# تەبلێتە تایبەت و بەهێزەکانی ئامازۆن

ئامازۆن کە یەکێکە لە کۆمپانیا بەهێزەکان پێشووتر لە بواری کتێبی دیجیتالیدا چالاکی هەبوو، لەم دواییەدا بە پەرەسەندنی ئامێری دیجیتالی سەردەم خۆی لە بەستێن و سنووری بەرهەمهێنانی کتێبخانەی دیجیتالی کە بە کیندەل ناسراون تاقیکردەوە و لەم دواییەشدا کە جیهانی تەبلێت بەرەو قۆناغێکی نوێ چوو خەریکە لەم بوارەدا چالاکیی دەنوێنێ. لەم رۆژانە دوو تەبلێتی کۆمپانیای ئاماژە بۆ کراو کەوتنە بازاڕەوە.

تەبلێتی جۆری Kindle HDX یەکێکە لەو تەبلێتە تایبەت و بە هێزانەی کۆمپانیای ناوبراو کە شاشەکەی سەرووی فول ئیچ دییە.

تەبلێتی جۆری HDXی ئامازۆن چوار پرۆسیسەری هەیە و خێراییەکەی 2.2 گیگاهێرتزە. شاشەی هەردوو تەبلێتەکە سیستەمی ناسینی رووناکی هۆشمەندیان هەیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی رووناکی شاشە بۆ خوێندنەوەی کتێب رێك دەخات، هەربۆیە باترییەکەی تاکو 17 کاتژمێر وزەی دانابەزێت. دوو گیگابایت رامەکەیەتی و کارتی شاشەی لە جۆری Adreno 330یە. یەکێك لە تەبلێتەکان 7 ئینجە و ئەوەی تریشیان 8.9 ئینجە و کامێراکەی 8 میگاپیکسەلە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تەبلێتانە ئەوەیە کە دەکرێت وێنەکان بەئاسانی بۆ شاشەی تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان بگوازییەوە، تەنانەت دەتوانیت یارییەکانیش لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن ببینی.

## مۆبایلیش هاردیسکی خۆی هەیە

پێدەچێت مۆبایلەکان رۆژ بەرۆژ لەگەڵ سنوور و مەودای خۆیان لە کۆمپیوتەر و لاپتۆپ نزیك بکەنەوە، ئێستا دەکرێت بڵێین زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لە کۆمپیوتەرێکدا هەیە لە مۆبایلێکی هۆشمەندیشدا دەبیندرێت.

لەم رۆژانەدا هاردیسکێکی 500 گیگابایتی تایبەت بە مۆبایل لەلایەن کۆمپانیای Seagate بەرهەم هات و کەوتە بازاڕەوە، هاردیسکی جۆری Ultra mobile HDD بۆ تەبلێت و مۆبایلەکان دەگونجێت، ئەم هارددیسکە بارستاییەکەی تەنیا 5 ملمە و تەنانەت تەنکترە لە تەنکترین تەبلێتەکان.

هارددیسکی Ultra دژە بەرکەوتنە و سیستەمێکی تایبەتی تێدایە کە ئەگەر لەناکاو کەوتە خوارەوە دەستبەجێ بکوژێتەوە یان ئەوکاتەی کە تووشی گەرمییەکی نائاسایی دەبێت دەکوژێتەوە. جگە لەوە پرۆگرامێکی تایبەتی تێدایە کە وزەی پێویست بۆ هارددیسکەکە کۆنترۆڵ دەکات. کێشی هاردەکە تەنیا 85 گرامە، پێدەچێت ئەم هاردە سەرەتایەك بێت بۆ بەرهەم هاتنی هاردی بچووك و قەوارە مەزن کە بۆ مۆبایل و لاپتۆپ و گشت ئامێرە دیجیتالییەکان بگونجێت.



## سکاینەرێک بەبێ کۆمپیوتەر

زۆر جار بۆ سکانکردنی دۆکیۆمێنتێکی کاغەزی و گۆڕینی بە فایلێکی دیجیتالی کۆمپیوتەرت لە بەردەست دا نییە. لەکاتێکی وادا بوونی سکاینەرێکی وایەرلەیس کە بتوانێت راستەوخۆ فایلەکان بکات بە دوکیۆمێنێکی دیجیتالی بۆ ئیمێلەکەت بەرێ بکات گەلێك گونجاوە و کارئاسانییەکی زۆر دەکات.






# تایبەتمەندیی تەبلێتە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت

مایکرۆســۆفت لە کۆتایی ئەم مانگەدا تەبلێتێکی نوێی خســتەبازاڕەوە، تەبلێتی سۆرفێس پرۆی 2، ئەم تەبلێتە لە پێشکەوتووترین پارچەی هاردوێرەکان پێکهاتووە. بەپێی ریکلامی مایکرۆسۆفت و هاردوێر و سۆفت وێری ئەم تەبلێتە لە 95% لاپتۆپەکانی ئەمرۆ خێراتر و پێشکەوتووترە. ئەمەش هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی تەبلێتی سۆرفێس پرۆی 2ی مایکرۆسۆفتە.

- پرۆسیسەرەکەی هی کۆمپانیای ئەنتەلە و لە ریزی پێشکەوتووەکان دێت.
- شاشەکەی 10.1 ئینجە بە کوالیتی 1080 پیکسل.
- هــاردی ناوخۆی تەبلێتەکــە 64 و 128 گیگابایتە لەگەڵ ئەوەیدا رامەکــەی 4 گیگابایتە، هەروەها جۆرێکی تری هاردەکەی 256 و 512 گیگابایتە لەگەڵ ئەوەیدا رامەکەی 8 گیگابایتە.
- داکێکی لەگەڵدایە کە 3 شوێنی بۆ دانانی USB2 هەیە و لەگەڵ شوێنێك بۆ دانانی USB3.
- پایەی پشتەوەی تەبلێتەکە دەکرێت بە ویستی خۆت دایبنێی.
- سیستەمی ویندۆزی مایکرۆسۆفتی لەسەرە.
- باترییەکەی هەتا 10 کاتژمێر وزەی دانابەزێت.

هەروەها لەگەڵ ئەم تەبلێتە مایکرۆسۆفت نوێترین کیبۆردی تایبەت بەم تەبلێتەی خستە بازاڕەوە، بەهۆی ئەم کیبۆردەوە دەکرێت تەبلێتەکە وەك باشترین لاپتۆپ سوودی لێوەربگیرێت.

# کۆمپیوتەرە بچووکەکانی تایبەت بە یاریکردن

لەم ســاڵانەی دواییدا کە ئامێرەکانی یاریی ئەلکترۆنی زۆر برەویان ســەندووەو هــەر رۆژە ئامێرێــك بەرهەم دێت، کۆمپیوتەریــش لەم بــوارەدا پێگەی خۆی هــەر ماوە و لە دەســتی نەداوە، بــەڵام کۆمپیوتەر ناکرێت وەك هەمیشــە ببێتە ئامێرێکــی یاریکردن، بۆیە کۆمپانیــای گیگابایت کۆمپیوتەرێکــی بچووك واتــە mini PC تایبەت بە یاریی ئەلکترۆنی بەرهــەم هێناوە، ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە زۆر لە کۆمپیوتەری بچووکی BRIX II دەچێت کە پێشووتر هەر لەم کۆمپانیایە بەرهەم هاتبوو.

مینــی کۆمپیوتــەری تایبــەت بــە یاریکــردن ئــەم تایبەتمەندییانــەی هەیە بوونی شــوێنی کێبڵی HDMI, Ethernet و چوار شــوێنی دانانی کێبڵی USB ، هەروەها سیســتەمی وایەرلەیســی بلوتوس و وای-فای هەیە و لە بواری دیزاینەوە سێ رەنگی هەیە سوور، زەرد و رەساسی..

یاریکردن بــەم کۆمپیوتەرە بچووکــە خێراییەکی یەکجار زۆری هەیە و لەســەر تەلەڤزیۆنە فوول ئیچ دییەکان یاری پێدەکرێت.




## ــــــەڵگەکان بۆ ئیمێل بەرێ دەکات

ســکاینەری جۆری Neatconnect ئەوەی تۆ مەبەستتە لەماوەی چەند چرکەیەکدا ئامادەی دەکات و بۆ ئەو ئیمێڵەی بەرێ دەکات کە پێشتر پێی ناسێندراوە.

شاشــەی ئەم ســکاینەرە تەواو لەمســییە و بەکارهێنەر دەتوانێت ســەربەخۆ بێت لە ناردنــی فایلە دیجیتالییەکە بۆ ئیمێل یان ئەو هاردیســکە مەجازییەی کــە لە ئینتەرنێتدا هەیەتی وەك گوگڵ درایڤ و درۆپ بۆکس.

شــوێنێکی تایبەت لە ســکاینەرەکەدا هەیە کە ئیزن بە بەکارهێنەرەکەی دەدات بە ویستی خۆی بەڵگە کاغەزییەکان دوای سکانکردن دابنێت. هەروەها هاوبەشکردنی فۆڵدەر بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەرێکی زۆرتر ســوودی لێوەربگرن تایبەتمەندییەکی دیکەی ســکاینەرەکەیە. سکاینەرەکە لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆز و ئەپڵ و ئەندرۆید دەگونجێت. گشت ئەو ئەرکانەی باس کران بەبێ لاپتۆپ یان کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێت، بەڵام شــتێك کە پێویستە بوونی تۆڕێکی ئینتەرنێتە.

# دینگڵەکەی سۆنی ئینتەرنێت بۆ TV دێنێ




لەم چەند ساڵەی دواییدا تەلەفزیۆنیش لە سنووری کارکردنی خۆی دا نەما و بەرەو جیهانی هۆشمەندی و سمارت رۆیشت، ئیدی تەلەفزیۆنەکان تەنیا ئامێرێك نابن کە بکرێت بەهۆیەوە سەیری فیلم بکەی یان کەناڵەکانی پێ بکەیەوە، بگرە زۆر ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدەن وەك لێرەدا ئاماژە بە داهێنانی دینگڵی Bravia smart stick ی کۆمپانیای سۆنی دەکەین. دینگڵی ناوبراو هەندێك لە فلاش میمۆری گەورەترە کە بە دانانی لە شوێنی کەیڵی HDMI تەلەفزیۆنە ئاساییەکان، دەکرێت ئەم فەرمانانەی پێ ئەنجام بدەی، فەرمان کردن وەك کەمکردنەوەی دەنگ، گۆڕینی کەناڵ و کوژاندنەوە و هەڵبوونەوە بەهۆی دەنگی بەکارهێنەرەکەی ئەنجام بدات، پێکەوە کەناڵی لۆکاڵ و کەناڵی ئاسمانی نیشان دەدات، ئەنتەرنێت دەکاتەوە. یاری و گەمە و پرۆگرامێکی زۆر دەکرێت لەسەر تەلەفزیۆنەکەت بکەیەوە. دەکرێت لە یەك کاتدا دوو ئەرك ئەنجام بدەی لە بەشێك لە شاشەکەی تەلەفزیۆنەکەت سەیری درامایەك بکەی و لە بەشەکەی دیکە ئەو سایتەی کە مەبەستتە بیکەیەوە، یان پرۆگرامێك بکەیەوە.







## سایتێکی تایبەت بە چاتکردن بە گروپ



گەلێك سایت و پرۆگرامی خزمەتگوزاری هەن تایبەتن بە چاتکردنی دەنگ و رەنگ، وەك سکایپی و خزمەتگوزارییەکانی، یان خزمەتگوزاری سایتی oovoo کە سایتێکی تایبەتە بە چاتکردنی بە گروپ و هەروەها مەسنجەری یاهوو...تاد.

سایتێکی دیکەش کە هاتۆتە ناو ریزی سایتەکانی تایبەت بە چاتکردنی ڤیدیۆیی سایتی www.meeings.io یە. کە بۆ کۆڕێکی ڤیدیۆیی گەلێك گونجاوە، واتە ئێوە دەتوانن کۆڕێکی لەپێشدا بەرنامە داندراو رێکبخەی وەك رێکخستنی رێکەوت، کاتژمێر و ماوەی کۆنفرانسەکە. هاوڕێیانتان بۆ بەشداریکردن بۆ ئەو کۆڕە ئۆنلاینە بانگهێشت بکەی. کەسە بانگهێشت کراوەکان هەرکاتێك ویستیان بێنە کۆنفرانسەکە یان جێی بهێڵن. بەبێ ئەوەی کە ئەم درچوون و هاتنانە گرفت بۆ کۆڕ یان کۆنفرانسەکە دروست بکات. راست وەك کۆڕێك لە جیهانی راستەقینەدا. تەنانەت دەتوانیت دەفتەرچەیەك بۆ نووسینی یادداشت لە نێوان بەشداربووەکان دابەش بکەی تاکو تێبینییەکانیان بنووسن.

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی گشت فایل و داتاکان




ئەگەر گەڕاندنەوە و بە واتایەکی دیکە ریکۆڤەری کردنی فایل و داتاکان گرنگ بێت، سڕینەوەی بەتەواوی پرۆگرام و داتاکانیش زۆر گرنگە! بۆ نموونە کۆمپیوتەرێکت هەیە و نیازت هەیە بیفرۆشی یان ببەخشییە کەسێکی دیکە ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت فۆرماتیش کردبێتەوە، بەڵام دەکرێت بەهۆی پرۆگرامەکانی ریکۆڤەری واتە گەڕاندنەوەی فایلەکان ئەو فایلانەی لەسەری سڕاونەتەوە بیانگەڕێنییەوە، لەکاتێکی وادا فایلە زۆر شەخسییەکانیشت دەگەڕێنەوە. لە بەرامبەر پرۆگرامەکانی ریکۆڤەری پرۆگرامگەلێکی دیکە هەن کە ئەرکیان ئەوەیە ئەوەی مەبەستتە بیسڕیەوە و قەتیش نەگەڕێتەوە. پرۆگرامی East-Tec Eraser یەکێك لەو پرۆگرامانەیە کە گشت چالاکی ئەو چالاکییانەی لەسەر ئینتەرنێت ئەنجامتداون وەك سڕینەوەی ئەو ئەدرەسانەی کە نیازت نییە کەسی دیکە بیانزانێ هەروەها سڕینەوەی گشت ئەو مەسنجەر و داتایانەی کە لە کۆمپیوتەرەکەتدا خەزن کراون. بەگشتی هیچ شوێنەوارێك لە کارکردی بەکارهێنەرەکەی لەسەر کۆمپیوتەر ناهێڵێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە ئێستا مۆبایلەکەم هۆشمەندە و لە ڕێگای ئەوەوە بەهۆی ئینتەرنێتەوە و بە پرۆگرامی viber قسە لەگەڵ دۆست و هاوڕێیانم لە هەر شوێنێکی جیهان دەکەم، ئایا ئەم پرۆگرامە تایبەت بە کۆمپیوتەر هەیە واتە لە کۆمپیوتەرەوە و بە ژمارەی خۆم بەبێ مۆبایل قسە لەگەڵ هاوڕێیانم بکەم؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای viber کۆمپیوتەریشی گرتۆتەوە، ئێستاکە دەتوانی بەهۆی کۆمپیوتەرەکەتەوە هەر بە ژمارەی خۆت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەت کە لەو خزمەتگوزارییە سوود وەردەگرن بەبێ بەرامبەر قسە بکەی جا لە هەر شوێنێکی جیهان بن. لە ئینتەرنێتدا زۆر شوێن هەیە کە ئەم پرۆگرامەی تێدایە، ئێمە بۆیە لینکی دابەزاندنی پرۆگرامەکە نانووسین، چونکە لە ئاستی ئەو سایتانەی کە پرۆگرامەکەیان تێدایە خۆمان بە بەرپرسیار نازانین، بەڵام خۆت دەتوانی بەئاسانی بیدۆزیەوە.

## شەحنکەرەوەی وایەرلەیس داهاتووی شەحنکەرەوەکان



شەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەکان وەك مۆبایل، کامێرا، تەبلێت و لاپتۆپ...تاد گرنگی زۆری هەیە، بەتایبەتی شەحنکردنەوەی مۆبایل، زۆرجار ئەو کێشەیە دێتە پێش کە بەهۆی ئەوەی لە شوێنێکین، بەڵام ئامێری شەحنکەرەوە واتە شاحنەیەکی تایبەت بە مۆبایلەکەی ئێمەی لێ نییە، ئەوکاتە نازانین چ بکەین؟

لەم دواییەدا پادی شاحینەی وایەرلەیس لە جۆری WCP-700 بە ئاسانی دەتوانێ مۆبایلەکان ئەوانەی کە ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە تەنیا بە دانانی لەسەر پادەکە شەحن بکاتەوە. کاتێك کە مۆبایلەکەت لەسەر ئەم شاحینەیە دادەنێی جەرەسێك لە شاحینەکەیەوە دێت کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاندەکە لە حاڵەتی شارژ دایە و گڵۆپی LED چۆنییەتی شەحنکردنەوەکە نیشان دەدات تاکو بزانی چەندە شەحن بۆتەوەو چ کاتێك تەواو دەبێت.

## بەبێ کامێرا وێنە بگرە



ڕەنگە ئەم مانشێتەی سەرەوە تا رادەیەك جێگای سەرنج و تێرامان بێت، ئاخر چۆن دەکرێت بەبێ کامێرا وێنە بگیرێت؟! بەڵام لەم جیهانی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا هیچ شتێك جێگای سەرسوڕمان نییە، ئامرازە دیجیتالییەکان ئەوەندە بچووك دەبنەوە وەکو نەبن وایە، هەروەك ئەم کامێرایەی کە ئەوەندە بچووکە وەك ئەنگوستیلە لەپەنجە دەکرێت، کامێرای Air click ئەو کامێرایە کە وەك ئەنگوستیلە وایە، تەنیا ئەوەندە بەسە کە هەستەوەر و پارچەیەکی دیکە لە پەنجە بکرێن و وابنوێنی کە وێنە دەگری، بەڵام بەڕاست وێنە دەگیرێت، پاش گرتنی وێنەکە دەستبەجێ لە ڕێگای بلوتوسەوە بۆ مۆبایلەکەت دەنێردرێت.

